
راپۆرتە هەواڵ
لە "سەردار فەتاح" ەوە

# پرۆژەی دامەزراندنی رای کلتوری کورد لە رۆژێکی رۆشنبیری یانەی کوردی "میدیـــا"دا




بەرگی کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر

رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی 2005-09-25 یانەی کوردی "میدیـا" لە هۆڵی یانە لە ئەمستردام کۆڕی دوومی بە هاوکاری ئنستیتویتی (ئیلامیرکان) ، بۆ پسپۆڕ و توێژەر، لە بواری مێژوو و زمانی کۆنی کوردیی بەڕێز کاك (حەمیت قلیج بەیرەیی) سەرۆکی ئنستیتویتی (ئیلامیرکان) ساز کرد. بەڕێزی خاوەنی کتێبی (مێژووی کلتوری شاراوەی کۆنی کورد"ئیلامی یەکان") ە، لەم بابەتە خاوەنی 15 پەرتووکە بە زمانی هۆڵەندی ئەمساڵیش 2005 کتێبێکی تری بە زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی بە ناونیشانی (دایکی کلتورەکان) چاپ و بڵاوکردۆتەوە، شایانی باسە یانەی "میدیـا" رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی2005-04-17، کۆڕێکی تری بۆ ئەم تایبەتمەند و توێژەرە بەڕێزە ساز کرد بە مەبەستی وروژاندنی "پرۆژەی دامەزراندنی رای کورد"، لەم کۆڕەشدا نوسەر جارێکی تر تێکرای نوسەران و رۆشنبیرانی کوردی بانگ کرد بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی ئەم پرۆژە گرنگە چارەنوسسازە.

لە ساڵی 1994 ەوە، خەریکی توێژنەوەی مێژووی کۆن و شاراوەی "ئیلامی یەکان" کوردە، ئنستیوتیی "ئیلامیرکان" لە شاری دەنهاخ (لاهای) هۆڵەندە دامەزراندووە، خاوەنی چەندین ووتارە لە لە (مەهنامە) دا بلاوی کردۆتەوە.

نوسەر لەسەرەتای توێژینەوەکەیدا، ئاماژەی بەوە دا، ئەمە یەکەمین کۆڕ و دوا کۆڕ و دانیشتنی نابێت لە پێناو ئەو مەبەستە گرنگەی باوەڕی پێیەتی بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی ئەنجومەنێك بۆ رای کورد، سەرەتا لێرەوە، لە هۆڵەندە، هەر کەسێك لە ئاستی خۆیەوە، هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی بکات بۆ یەکرایی و نزیکبوونەوەی رۆشنبیرانی کورد، لەم هەلە ناسك و دژووارەی کوردی پێدا تێپەڕ دەبێت، دەبێت دەست بەکار بێت.

نوسەر لە باسەکەیدا، ئاوڕێکی لە مێژوویی شاراوەی کورد دایەوە، ئیلامییەکانی لە دوەری باسکاندا خستەڕوو. هەروەها و سۆمەریەکان و بابلی یەکان و ئەکەدیەکانی بە ئێلی کورد لە قەڵەمدا، ئەم

ئێلانە ڕۆڵێكی مەزنیان لە مێژووی ناوچەكەدا گێڕاوە خۆی گوتەنی من بەڵگە (سند) م هەیە كە ئەم ئێلانە كورد بوون، ئەویش بنەچەی زمانی كوردی یە، بەو بەڵگانەی لای خۆی بوون ڕوونی كردەوە، لە بەڵگە (سند) یكدا كە لەناوچەی شوشی كوردستانی خۆرهەڵات دۆزراوەوەتەوە، هی ساڵانی دەوروبەری 2200 پێش لە دایك بوونی مەسیحە ناوی كوردەسووی تێدا نوسراوە. لە بەڵگەیەكی تر هی ساڵێ 1800 بەر لە مەسیحەوە، ناوی حەمورابی بە شای كورد و پێغەمبەر زەكەریا بە كورد هاتووە، ناوچەكەیان لە نزیك شەنگاری ئێستە بووە، ناوچەی هەمەدانیش كە ناوێكی پیرۆز بووە، ناوی خوداوەندێك بووە، پێی گوتراوە ئاپە یان "ئاپو دانا"

ناوەڕۆكی توێژینەوە و كتێبەكانی ئەم نوسەرە، دەوڵەمەندە بە كۆمەڵێك بەڵگە و دۆكۆمێنتی دێرینی زۆربەی ناوچە كوردییەكان و سەلماندویەتی، كوردستان ئەو ناوچەیەیە، كە بە دایك و لانكەی شارەستانێتی دێرین و خاوەنی یەكەم نوسین و خوێندنەوە لە مێژوودا لە قەڵەم دەدرێت، تەنانەت ووشەی مانگی (نیسان) ، كە ووشەیەكی ڕەسەنی كوردییە و لە 4000 ساڵ پێش لە دایك بوونی عیساوە ووشەی (نوسین، یان نویسان و پاشان بووە بە نوسین) هەبووە و لە زمانی كوردییەوە سەرچاوەی گرتووە و گەلانی تر لە كوردیان وەرگرتووە.

كورد یەكەم میللەتە خاوەنی نوسین بووە، خاوەنی هاوبەندی مارەبڕین (عقد زواج) بووە و یاسا لە ناو كوردانددا بە دەستی ژن بووە و ژن دەسەڵاتدار بووە، ئێمەی كورد تەنها چەكی خۆپاراستنمان، پاراستنی فەرهەنگ، كلتوور، مێژووەكەمانە. باوك و دایكی منداڵی كورد لە هەندەران، بۆئەوەی خوێنی شەهیدان و خەباتە درێژخایەنەكەی بە هەدەر نەچێت، دەبێت بە ئاگا بێت، نەوەكانی ئەكتیڤ (چالاك) بكات بە مێژووی دێرین و شاراوەی گەلەكەی مێشكیان زاخاو بداتەوە.



چەند دیمەنێك لە كۆڕەكە

ئەم كۆڕەی كاك (حەمیت قلیج بەیرەیی) لە لایەن (سەردار فەتاح) ەوە بەڕێوە دەبرا و سەرەتا بە ناوی "میدیـا"وە، ووتەیەكی پێشكەش كرد و نوسەری ناساند، پاشان نوسەر خۆی مەبەست و كرۆكی توێژینەوەكەی ڕوونكردەوە. لە بڕگەیەكی ووتەكانی دا ئەوەی دركاند، ئەم كۆبونەوەیەی ئەمڕۆ هەمان درێژبوونەوەی دانیشتنی دوو كۆڕی لەمەوبەری نوسەرە لە هۆڵی یانەی كوردی "میدیـا" لە دێڵفت و مانگی ئەپریلی ئەمساڵ لە ئەمستردام.

خاون باس جەخت لەسەر دامەزراندنی (ڕای كورد) دەكات، لە ئایندەدا و ئەویش لە ڕێكخستنی كورد خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆ پیشاندانی چالاكییەكانی كورد كە هەڵقولاوی فەرهەنگ و مێژووی دەوڵەمەندی شاراوەیەتی، كە ئەركی سەرشانی ڕۆشنبیرانێتی بۆساخكردنەوەی مێژووی شاراوەی كورد و ئەم نوسەرەمان تا ئێستا بە هەوڵە یەكلایەنی یەكانی خۆی ویستویەتی بانگەوازی هەموو نوسەران و ڕۆشنبیرانی كورد بكات، تا لە نزیكەوە گفتوگۆ لەسەر هاوڕابوون و یەك بیر و بۆچوون بكەن بۆ پرۆژەی دامەزراندنی ئەنجومەنێكی كلتوری كورد، ئەمڕۆ دەیەوێ خەڵكانی كوردیش هاوكاری بكەن.

خاوەن باس هاتبوو لە چەند خاڵێكدا باسەكەی چڕكردبۆوە كرۆكی توێژینەوەكەی هاوڕابوونی كوردە كردبوو بە خاڵی سەرەكی باسەكەی:

1 – ڕای کورد و شیکردنەوەی سیاسیانەی گرفت و ئاڵوزیەکانی ناسنامەی کوردی، نوسەر تیشکی خستە سەر قوناغە مێژووییەکانی ئەم کێشە لە مێژینەی کورد و ڕوونی کردەوە یەکەم جار فەرهەنگ و ئاین و زمان لە لای کوردەوە دروست بووە و پاشان ئەرەو فارس وەریانگرتووە و مێژووی خۆیان پێ دروست کردووە و مێژووی کوەریان سڕیوەتەوە.
2- سیاسەت و ستراتیجی یەتی ئیمپریالیزمی جیهانی لە کۆندا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان کێشەی کوردیان کردۆتە قوربانی، سیاسەتی نەوت، سیاسەتێکی (چەرچانە) سەوداگەرانەیە بووە، کوردستان خاوەنی بەشێکی زۆری ئەم سامانەیە، ئیمپریالیزم سیاسەتی خۆی بەو گویرەیە دەگۆڕێت.
3 – ڕێڕەوی گەشەی کۆمەڵ.
4 – چارەسەر.
نوسەر بە دوورودرێژی تیشکی سەرنجی خستە سەر ئەم بابەتە گرنگە و پاشان پێنج خاڵی گرنگی کردە جێ نیشانە: خۆپاراستن، دەست وەشاندن، سیاسەت کردن، فەرهەنگ و ساغکردنەوەی مێژووی شاراوە و دێرین. کۆڕەکە گفتوگۆیەکی گەرموگوڕی خولقاند و زۆربەی ئامادەبووان بە پرسیار و سەرنج و پێشنیار و ڕوونکردنەوەی زیاتر بەشداریان کردوو ئامادەیی خۆیان بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە دەربڕی.
توێژەر حەوت خاڵی دەست نیشان کردبوو، کە دەبێت پێك بهێنرێن، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی پرۆژەکەی:
1 – کۆمەڵە یان دەستەی نمایش و شانۆگەری (بۆ گەورە و منداڵ) ، مۆسیقا، شانۆ. تەنها بۆ پێشبڕکێ بە دەقی کۆنی کوردی و مەتەڵ و پەند و چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی.
2- دەستەی وەرزشکاران (بۆ گەورە و منداڵ) .
3- دەستەی سەماوازان، وەك موسیقای شیرین و فەرهاد.
4 - دەستەی گۆرانی و ساز، ناسینەوەی دەقی ڕەسەنی کۆنی کوردی و ئامێرە دێرینە کوردیەکان.
5- دەستەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە
6- دەستەی بیرەوەری و پاشماوەی کەلەپور و ناسینەوەی مێژووی کورد.
7 – دەستەی زمان و پەندی پێشینان دەقی کۆنی کوردی
پاشان دەستەیەکی ئامادەکار لەم بەڕێزانە پێکهات بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بتوانن، پەیوەندی بە نوسەران و ڕۆشنبیرانی تایبەتمەندەوە بکەن لەم بوارەدا تا لە کۆبکەنەوەیەکدا بتوانن، مەبەستی ئەم پرۆژەیە بگەیەننە بە ئەنجام:
1. سەردار عەبدولکەریم عەبدوڵلا.
2. ئاراس محەمەد ئەمین کاردۆخی.
3. شێرکۆ محمەد ئەمین کاردۆخی.
4. جوان سەلمان میراخۆر.
5. فەرهاد عەبدولکەریم.
6. بەختیار ڕەحیم.
7. ئالان حەمید.
8. کاروان عومەر.
9. حەمید بەیرەی.